# دین ئامۆژگارییە

نوسینی: الشیخ عبدالعزیز بن باز (رحمه الله)
وەرگێرانی: م/ عبدالوالی عبدالرحیم القزلجی

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين والصلاة والسلام على نبينا محمد وعلى آله وصحبه أجمعين، وبعد:

**ڕاقەکردنی فەرموودەی (الدین النصیحة).**

**ئەم فەرموودەیە فەرموودەیەکی زۆر گەورەیەو ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردووە لە صەحیحەکەیدا لە تەمیمی دارییەوە رضي الله عنه، وە چەند ڕیوایەتێکی تری هاتووە بێجگە لەو ڕیوایەتەی موسلیم .**

**پێغەمبەری خوا ﷺ دەفەرمووێت:**

(**الدین النصیحة**)، قلنا لمن يارسول الله ﷺ؟ قال: (**لله ولكتابه ولرسوله ولأئمة المسلمين و عامتهم**)[1].

**واتە: (دین بریتییە لە ئامۆژگاری)، ووتمان بۆ کێ ئەی پێغەمبەری خوا ﷺ؟**

**فەرمووی: بۆ خواو قورئانەکەی و پێغەمبەرەکەی وپێشەوای موسڵمانان و خەڵکی بە گشتی .**

**ئەم فەرموودە پڕ شکۆیە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم ئایینە هەمووی ئامۆژگارییە وەئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئاست وپلەوپایەی ئەم دینە زۆر گەورەیە، لەبەر ئەوەی دینی هەر هەمووی بە ئامۆژگاری باس کردووە هەروەك چۆن دەفەرمووێت:**

(**والحج العرفة**)[2].

**واتە (حەج بریتییە لە عەرەفە).**

(١) (رواه مسلم، وانظر: مشكاة المصابيح: ٤٩٦٦).

(٢) (أخرجه أحمد: ١٨٤٩٧، والترمذي: ٨٨٩، والنسائي: ٣٠١٦، وابن ماجة: ٣٠١٥، وصححه الشيخ الألباني في: مشكاة المصابيح: ٢٧١٤) .

وه ئەم فەرموودەیە باس لەوە دەكات كە ئامۆژگاری بریتییە لە دین، كە ئـەوەش دڵسۆزی دەگرێتەوە لەو شتەداو ڕاستگۆی تێیـدا بـۆ ئـەوەی بـەو جـۆرە جـێ بـەجێ بكرێت كە خوا دەیەوێت، لەبەر ئەوەی دین ئامۆژگارییـە لـە هـەموو ئـەو شـتانەی كـە خوای گەروە واجبی كردووە، وە وازهێنـان لـەو شـتانەی كـە حـەرامی كـردووە، وە ئەمـەش گـشتگیرە بـۆ مـافی خـواو مـافی پێغەمبـەر ﷺ و مـافی قورئـان ومـافی پێشەوایان ومـافی خـەڵكی، وە ئامۆژگـاری وەك پێـشتر باسمـان كـرد بریتییـە لـە ئیخلاص لەو شتەداو چـاودێری كردنـی، وە سوور بـوون لەسـەر ئـەوەی كـە بەتـەواوی ئەنجام بدرێت بە تێرو تەسەلی بە بێ بوونی سـاختەوغەش كـردن وخیانـەت وكـەم تەرخـەمی، لـە زوبـانی عەرەبـدا ئـەوترێت: (ذهب ناصح) ئاڵتوونی (ناصح) واتـە: هـیچ فێـڵ وغەشـێكی تیـا نییـە، وە دەڵـێن هەنگوینی (ناصح) واتە: هیچ غەشێكی تیـا نییە .هەر بەم شێوەیەش موسڵمان دەبێت وا بێـت لـەكردەوەكانی دا كـە ڕاسـت بـێ لەگـەڵ خـواو قورئـانو پێغەمبـەر ﷺ وپێشەوای موسڵمانانو عامەی خەڵكی .

ئامۆژگـاری بـۆ خـوا بـەوە دەبێـت كـە بەتەنها بیپەرستی وبیناسـی ودڵـسۆزبی لـە بەرامبـەری وهـەموو پەرسـتنەكان بـۆ ئـەو بكـەیت هـەر لـە نویـژو ڕۆژ وحـەج وجیهـاد وجگە لەمانەش .

واتــە: (كردەوەكـان ئـەنجام بـدات بـۆ خـوای گـەورە بـە ئەوپـەڕی ئیخلاصـەوە لەگەڵ خوادا كەسێكی تر نەپەرستێ، بەڵكو تـەنها ئـەو بپەرسـتێ بەتـەنها، وە بـەپاكی ئەنجامی بدات وبەتەواوەتی، لەگـەڵ بـاوەڕ پـێ بـوونی وبـاوەڕبوون بـە هـەموو ئـەو شتانەی كە فـەرمانی پـێ كردوە، وە بـەم شێوەیە بەچاكی گوێڕایەڵی بێت لـە هـەموو ئـەو شـتانەی كـە خـوای گـەورە پێویـستی كردووە لەسەریو وازهێنان لەو شتانەی كە قەدەغـەی كـردووە لێی، وە هـەموو ئـەو شتانەش بە تـەواوەتی جـێ بـەجێ بكـات، لەبەر ئەوەی دەزانێ كە خوای گەورە مافی هەیـە بەسـەرییەوە وە خـوای گـەورە پێویستی كردووە لەسەری و هـەر بۆیـە بـە چـاكی پاپەنـد دەبـێ بـەو شـتانەوە وە بەجوانی ڕەچاوی دەكات ..

بەهـەمان شـێوە لـە بەرامبـەر مـافی قورئاندا بەووردی دەیخوێنێتـەوە ولێی تـێ

دەگات وکردەوەی پێ دەکات لە ئەو کارانەی کە فەرمانی پێ کراوە تێیدا وە وازدەهێنێ لە ئەو کارانەی کە قەدەغەی دەکات، وە قورئان کتێبی خوای گەورەیەو پردی بەتینی خۆیەتی، وەئەوەی کە پێویستە ئەوەیە کە بەچاکی چاودێری ورەچاو بکرێت وبایەخی پێ بدرێت لە ڕووی کردەوە پێ کردنی بەکردارو بەگوفتار، ئەویش بە پاراستنی فەرمانەکانی ووازهێنان لە قەدەغە کراوەکانی، وە ڕاوەستان لە سنورەکانی، ئەو سنورانەی کە ڕوونی کردۆتەوە لە قورئانی پیرۆزدا هەتاوەکو ناتەواوی ڕوونەدات لە هیچ کام لە فەرمانانەی خوا کە لە قورئاندا هاتووە، وە هەتاوەکو نەکەویتە ئەنجام دانی کارێك کە خوای گەورە حەرامی کردووە، لەگەڵ باوەڕ بوون بەئەوەی کە قورئان کەلامی خوایە ولەلایەن ئەوەوە نێردراوە تە خوارەوە ودروست کراو نییە، وە لە لایەن خوا دەست پێکی سەرچاوەی گرتووەو هەر بۆ لای خۆشی دەگەڕێتەوە، وە ئەوەش بیروباوەڕو ووتەی ئەهلی سوونەو جەماعەیە سەرتاسەر، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿نَزَلَ بِهِ ٱلرُّوحُ ٱلۡأَمِينُ ١٩٣ عَلَىٰ قَلۡبِكَ لِتَكُونَ مِنَ ٱلۡمُنذِرِينَ ١٩٤﴾ [الشعراء ١٩٣-١٩٤].

واتە: دابیەزاندۆتە خوارەوە بۆت ئەم قورئانە جبریل لە لایەن خوارەوە بۆ سەر دڵت بۆ ئەوەی بەئەم قورئانە ئاگاداری قەومەکەت بکەیتەوە.

وە دەفەرموێت: ﴿تَنزِيلُ ٱلۡكِتَٰبِ مِنَ ٱللَّهِ ٱلۡعَزِيزِ ٱلۡحَكِيمِ ١﴾ [الزمر: ١].

واتە: ئەم قورئانە لە لایەن خوای خاوەن عیزەت ودەسەلات وحەکیمەوە نێردراوەتە خوارەوە .

زیاد لەوەش چەندەها ئایەتی تر کە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە ئەم قورئانە ووتەی خوای خاوەن دەسەلاتە .وە لە لایەن ئەوەوە نێردراوەتە خوارەوە، وە پێویستە باوەڕدار باوەڕی بە هەموو ئەمانە هەبێت پیاو بێت یان ئافرەت، وە باوەڕیان وابێت کە قورئان کەلامی خوایە و لەلایەن ئەوەوە نێردراوەتە خوارەوە ودروست کراو، نییە لەلایەن خواوە دەستی پێکردوە دابەزینی وهەر بۆ لای خۆشی دەگەڕێتەوە بە پێچەوانەی جەهمییەکانو هەموو

ئەوانـەش لـە قافڵـەی ئەوانـدا دەڕۆن لـە بیدعەچییەکان.

بەهەمان شێوە ئامۆژگاری بۆ پێغەمبـەر ﷺ بەوە دەبێت بە گوێڕایەڵی کردنـی لـەو شـتانەی کـە فـەرمانی پـێ کـردووە وەدوورکەوتنـەوە لەئـەو شـتانەی کـە قەدەغەی کردووە وە باوەڕ بوون بەئەوەی کە پێغەمبەری خوایە بەڕاستی ووەکۆتـای پێغەمبـەران ونێردراوانـە، لەگـەڵ بـەرگری کردن لە سوونەتەکانی و پاراستنی، هەموو ئەمانـە دەچـنە خانـەی ئامۆژگـاری بـۆ پێغەمبەر ﷺ بەهەمان شێوە بایەخ دان بە فـەرموودەکانی ورووونکردنـەوەو دیـاری کردنـی فـەرموودە صـەحیحەکان لـە لاوازەکان، وە پاراستنی وجێبەجێ کردنـی وە ڕاوەسـتان لەئـەو سـنورانەی کـە خـواو پێغەمبـەر ﷺ وەکـو سـنور دایـان نـاوە، هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿تِلْكَ حُدُودُ اللَّهِ فَلَا تَعْتَدُوهَا وَمَن يَتَعَدَّ حُدُودَ اللَّهِ فَأُولَٰئِكَ هُمُ الظَّالِمُونَ ﴿٢٢٩﴾﴾ [البقرة: ٢٢٩].

واتە: ئەوانە سنوری خوای گەورەن واتە خـوای گـەورە گێڕاوێتـی بـە سـنور دەی ئێوەش ئەو سنورانە مەبەزێنن .

ئـا ئەمـە بریتییـە لـە ئامۆژگـاری بـۆ پێغەمبـەر ﷺ، وە ئـەوەش کـە زیـاد لـە ئەوەیە لە جێبـەجێ کردنـی واجباتـەکان و وازهێنان لـە حـەرام کراوەکـان بریتییـە لـە تەواوێتی بۆ ئەو ئامۆژگارییـەو تێروتەسـەل کردنی.. کەواتە موسـڵمان بـە هـۆی بایـەخ دان بـە فەرمانـەکانی خـواو پێغەمبـەر ﷺ وئـەو شـتانەش کـە قورئـان وسـوونەتی پێغەمبەر ﷺ بەڵگەیە لەسەری لەو مافانـە بـە هـۆی ئەمـەوە موسـڵمان بـە تـەواوەتی هەستاوە بە جـێبـەجێ کردنـی ئامۆژگـاری لەبەرامبەر خواو قورئان وپێغەمبـەری ﷺ، بەهۆی جێبەجێ کردنـی ئـەو شـتانەی کـە خـوا فـەرزی کـردووەو دوورکەوتنـەوە لـەو شتانەی کە حەرامی کردووە، وە ڕاوەستان لـە سـنورەکانی خـواو وە زۆر ستایـشکردن وسوپاس کردنی وە یادکردنەوەی وترسـان لێی هـەموو ئەمانـە ئامۆژگارییـە بـۆ خـواو قورئان وپێغەمبەرەکەی ﷺ.

وە ئامۆژگاری بـۆ پێـشەوای موسـڵمانان بریتییـە لـە دوعـای خێـر بۆکردنیـان و گوێگرتن وگوێڕایەڵی کردنیـان لـە چاکەدا. وە هاریکـاری کردنیـان لەسـەر چـاکەو وازهێنان لە خراپـە، وە دەرنەچـوون لـەژێر

دەسەلأتیان، وەململانێ نەکردن لەگەڵیان، تەنها کاتێ نەبێ کە کوفرێکی ئاشکرایان لێ ببینرێ کە ئەو کوفرەیان بەڵگە هەبێت لەسەری لەلایەن خوای گەورەوە هەروەك کە هاتووە لە فەرموودەکەی عوبادەی کوڕی صامت ﷺ لە بەیعەتدانی ئەنصار بۆ پێغەمبەر ﷺ.

وە لەئامۆژگاری بۆیان ڕێنمایی کردنیان بۆ چاکەو فەرمان پێکردنیان بەچاکەو قەدەغەکردنیان لە خراپەیە بە شێوازێکی باش ولەسەر خۆو نەرم ونیان لەگەڵ گرتنەبەری هەموو ڕێگایەکی باش وەك کارکردنێك بە ئەم فەرموودەیەی کە خەریکی ڕوونکردنەوەین وەگوێڕایەڵ کردنی ئەو ووتەیەی خوای گەورە کە دەفەرمووێت:

﴿وَتَعَاوَنُواْ عَلَى ٱلۡبِرِّ وَٱلتَّقۡوَىٰ ۝٢﴾ [المائدة: ٢] .

واتە: هاوکاری یەکتر بکەن لەسەر خێروچاکە.

وە ئەو فەرموودەیەی خوای گەورە کە دەفەرمووێت: ﴿وَٱلۡعَصۡرِ ۝١ إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَفِي خُسۡرٍ ۝٢ إِلَّا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ وَعَمِلُواْ ٱلصَّٰلِحَٰتِ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلۡحَقِّ وَتَوَاصَوۡاْ بِٱلصَّبۡرِ ۝٣﴾ [العصر: ١ - ٣ ].

واتە: (سوێند بەکات (کە جێی کردەوەکانی مرۆڤە) هەموو مرۆڤەکان لە خەسارەو مەندیدان، تەنها ئەوانە نەبێت کە ئیمانیان بە خوا هێناوەو کردەوەی چاك دەکەن بەو ئیمانەیان و بانگەوازیشی بۆ دەکەن و ئارام دەگرن لەسەر هەموو ئەو ناڕەحەتییانەی کە دێتە ڕێیان لەو پێناوەدا.

وە ئامۆژگاری بۆ خەڵکی بە گشتی بە ئەوە دەبێت بە فێرکردنیان وشارەزا کردنیان لە دینداو بانگەوازکردنیان بۆ لای بەرنامەی خوای خاوەن دەسەلأت و فەرمان پێ کردنیان بەچاکەو قەدەغە کردنیان لە خراپەو جێ بەجێ کردنی سزاکان (حدود) لەسەریان و(بەسەر ئەوانەی کە سنورێکی خوا دەبەزێنن)و لێ پرسینەوەی شەرعی لەگەڵ ئەوانەی کە خراپە دەکەن هەموو ئەمانە ئەچێتە ژێر خانەی ئامۆژگاری بۆیان...

سبحانك اللهم وبحمدك أشهد أن لاإله إلا أنت أستغفرك وأتوب إليك.